# هەواڵی بەپەلە..؟!

## لەبڕیاڕیکی چاوەڕوان نەکراودائەمرۆکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی لەکارکێشایەوە

مانشێت هەواڵی حیزبنامەیەکی کوردستانی

**کامەران ئیسحاق پەری**
kamaran_pary@hotmail.com

هەواڵی بەپەلە..؟!

لەبڕیاڕیکی چاوەڕوان نەکراوداسەرۆکی حوکومەتووەزارەتەکەی ئەمرۆدەستیان لەکارکێشایەوە .

سەرلەبەیانی ئەمرۆلەهەنگاوێکی بێوێنەوچاوەڕواننەکراوداسەرۆکی حکومەتی هەرێموزۆرینەی وەزیرەکانی کابینەکەی بەنوسراوێکی فەرمی نامەی دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان پێشکەش بەسەرۆکی هەریموپەرلەمانی کوردستان کرد،شایەنی ئاماژەپێکردنە لەونامەیەدا کە ئیمزای سەرۆک وەزیروزۆرینەی وەزیرەکانی لەسەرەودانەیەکی دراوەبەئاژانسەکانی هەواڵی کوردستان،هاتوەئێمەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئەنجامی دەستبەکاربوونمان بەماوەیەکی کەم شەپۆلێکی نارەزایی زۆری جەماوەری کوردستان بەڕواداتەقیە وەو دەریشکەوتوەکەنەمان توانیوە،بەشێوەیەکی باشووکاریگەرولەبەرچاوببینەحوکومەتی (خزمەتگوازاری)ولەبەربڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەناودامودەزگاکانی دەوڵەتوچارەسەرنەکردنی کێشەی بێکارەبای،ونەبوونی سوتەمەنیو،بازاڕگرانی،مشەخۆری..هتد..لەئاست هەمووئەمانەدا خۆبەکەمتەرخەمو دەستەوەستاوئەبینین بڕیارمانداوەک هەستکردنێک بەلێپرسینەوەوئەرکێکی نیشتیمانی پیرۆزدەست لەکارکێشانەوەی خۆمان ڕابگەێنینو داواش دەکەین لەنزیک ترین کاتداتەسدیق بکرێتو میللەت حکومەتێکی ترهەڵبژێرێت.

(مانشێتی هەواڵەکانی کوردستان)

## پۆزش .....

خوێنەری بەڕێزبەداوای لێبوردنێکی زۆرەوەپێتی ڕادەگەێنین ئەم مانشێتە هەواڵەدورەلەراستیوهیچ ئەسڵێکی نییە،هەتائەم ساتە وەختەش جگە لەفەنتاسیاوخەونێکی نەزۆکی قەتیسکراوهیچی ترهەڵناگرێت.زیاتریش لەوخەونانەئەچێت کەڕۆژانەتاکی کورد بەهۆی نەخولّقانیەوەهێندەی تربەناخی ئەرزدادەچێتو ڕۆژلەدوای ڕۆژئۆقرە براوتروسات لەدوای سات بێحەوسەڵەتر وماتومەلول تردێتەبەرچاو..وەلێ خەونێکەدەمەوێت لەم سەکۆیەوەبیهێنمەدی هیچ نەبێت بۆجارێکیش بێت خۆم هاوڕاکانم هەڵبخڵەتێنم. واخۆمان ڕابێنین کەئەمرۆبەرەبەیان،بەدەر لەپێشەکانی سپیدە زوو لەگەڵ خۆرهەڵهاتندا لەگەڵ هەڵدانەوی یەکەم پەڕی ڕۆژنامەکان لەگەڵ کردنەوەی یەکەم ماڵپەری هەواڵ ووتارەسواوەکان..وگەڕان بەدوای هەواڵی،کۆنوبەسەرچوی کەناڵە ئاسمانی یەکانوگوێگرتن لەڕادیۆومانشێتوهەواڵی گەرمی ڕۆژنامەبەناوسەربەخۆوهەموو(حیزبنامە)وماڵپەرەئازادەکان لەگەڵ هەواڵە بەخەبەربێنەوە،گەرەکمە بۆتەنهاجارێکیش چییە؟خۆموزۆرێکی تر بەدرۆبخەمەوە کەئێمەش میلەتێکین دەسەڵاتەکەمان هەست بەلێپرسینەوەی مێژووی خۆی دەکاتولەبەرئەوەی نەیتوانیوەبەشێوەیەکی گونجاوکارەکانی بەجێ بهێنێت وەک ئەرکوهەڵوێست وزەروریەتێکی نیشتیمانی دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕادەگێنێت. ...جائازیزەکەم خوێنەری ئەم درۆهەواڵە..دەسەلاتی کوردی هەتاپێش ڕزگارکردنی تەواوی ئێراقوکەوتنی سەددام وراپێچکردنی بۆدادگاوپاشان لەسێدارەدانی تاوانباران حینجەتو بیانویەکی فرەمەزنی لەدەستدابووکەئەم خەونەم بۆنەهێنێتەدی..حینجەتوبایانوی ئەوەی کەبارەکەشلۆقەوناکریت لەوەزیاتر بارگرانی بکەینو بیشلۆقینین ونائارامی بخەیەنەدڵی جەماوەرەوە...وەلێ لەپاش کەوتنی شوارای بەرزەی ستەمکای وخۆیان وەتەنی هاتنەکایەی دۆخێکی تری نەوعی لەگۆرەپانی سیاسەتوفەرمانرەوای ئێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەت دەبوایە ..دەسەڵات کەمەهامی سەرەکی بەرهەم هێنانی هەقیقەتەکاری بۆهێنانەدیوبەرجەستەکردنونە خشاندنی ئەم مانشێتە هەواڵە وزۆرێکی تریش لەم هەواڵانە،لەسەرلاپەرەی حیزبنامەکان بدایە..بەڵام لەبەرئەوەی ئەوەنەکراوە ...لەبەرئەوەی دەسەڵاتی کوردی هەوڵی بەرهەم هێنانی جۆرێکی ترلەهەقیقەت دەدات.لەبەرئەوەی بێئاگایان بەئاگاهەوڵی داوەلەجەماوەردابڕێت،لەبەرئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی بەرهەمی عەقڵی تاکی کوردی نییەو..!بگرەبەرهەمی دەسەڵاتەکەیەتی. ناچاردەبێت لەم باسەمداخامەی مێژوو بگەڕێنمەوە بۆپەنجاساڵ لەمەوبەر بۆئەوزەمەنەی کەبەشێوەیەکی بەرچاولەگەڵ ئەم

بۆچون وخەونە لەزەمەنی کۆتای هێنان بەمێژوی ستەمکاران یەکدەگرێتەوەبۆئەومێژووەی کەهێزە هاوپەیمانەکان.لەجەنگێکی تروفۆرمێکی ترداچونەناو (بەرلین)ودەستیان بەسەرتەماعکاری وزێدە ڕەوی گرتوکۆتایان بەهگبەیەکی تاڵوناخۆشی جیهان هێنا.لەوزەمەندا....کەمێک لەلای (ئەکسل سپرینگیر springer ی سوپەرستاروخاوەن زەبەلاحترین دەزگای پەخشومیدیای ئەڵمانی لابدەموکارەکانیشی، لەوبوارەدا بێنمەوە بەرچاووگوێ.سپرینگیر بەپاڵپشتی هێزە هاوپەیمانەکان ولەناو هەموو شیاندا بەتایبەت ودەرکەوتوتربەریتانییەکان لەساڵی 1946داهاتەبوون....لەسفری ئەزمونێکی تاڵە وەدەستی پێکردلەسەرعەرشی کەلاوەیەکی ڕوخاولەچەمکی دیموکراتیزە کردن وهەوڵی کۆتای هێنان بەهەگبەیەکی خوێانوی یەوەشوڵی لێ هەڵکێشا تادواتر بەهەوڵ وماندوبوون وباوەڕبەپیشەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری ولەسایەی پاڵپشتی خوێنەری ڕاستەقینەی ئەڵمان بەکڕین وخویندنەوەی ڕۆژنامەکانی توانی دەست بەسەرپتر لەسەدا25 % ڕاگەیاندنی کاریگەرلەڕای گشتی ئەڵمانیای پاش نازیەت بگرێت ..سپرینگیرلەڕێگەی گەورەڕۆژنامەی bild کەئەو کات پتر لەپێنج ملێۆن دانەی لێ چاپ دەکراکاری کردبۆنەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی بەرپرسەکانی پاش،هەرەس پێهێنانی نازیەت لەوبارەیەشەوە گەران وپشکنین بەدوای خراپە کاری وکەمتەرخەمی وەزیروبەرپرسەکانیش لەمەهامی سەرەکی ڕۆژنامەی ناوبراودوو ڕۆژنامەی تریش بووکەئەوانێش ڕۆژنامەی (die.welt بوون سپرینگیرلەڕێگەی هەواڵوڕاپۆرتووتاری ڕۆژنامەکانەوە کاری بۆهاتنەدی چواربنەمای سەرەکی دەکرد کە ئەوانیش:

یەکەم : یەکگرتنەوەی ئەڵەمانیا.

دووەم : ئاشتبوونەوەی گەلی جولەکەلەگەڵ ئەڵمان.

سێهەم: بەرپەرچدانەوەی چەمکی تۆڵەسەندن لەدەسەڵاتدا.

چوارەم :هاندانی وەبەرهێنانوئابورییەکی سوسیالیستی

دواتریش ئەم چواربنەمایەکۆڵەکەی پشتی کارکردنی ڕۆژنامەگەری ئەوسەردەمەی پاش ڕوخانی نازیەت بوون....هەرئەمانەش بوون بەڕای من ئەڵمانیای گەیاندەئەم ڕۆژگارەمانوتوانی لەوشکستوقەیرانەگەورەیەی کەبەسەرخۆیداهێنابووی لەماوەیەکی کورتوبەکەمترین زەرەڕوزیان ڕزگاری بێت...هەمان ئەم چواربنەمایە ئەمڕۆکەلەستراتیتژی ئەمریکیوهاوپەیمانەکانی ئێراق بەچارەسەربۆدەرچوونی ئێراق لەوقەیرانەی کەتێی کەوتوە دادەنرێت دۆستوهاوپەیمانەکان پێیان وایەودەبێت دەسەڵاتی چوارەم هاوکاربێت بۆهاتنەدییان.نەک تێکدەر.ئەوچواربنەمایەی کەئێراق لەقەیرانەکانی دەردەکات ودەبێت ڕۆژنامەکاربۆهاتنەدیان بکات ئەمانەن.

- یەکگرتنەوەی گەلانی پەرتەوازەی ئێراق.
- ئاشتبونەوەی سونەوشیعە ،کوردوعەرەب.
- بەرپەرچدانەوەی چەمکی تۆڵەسەندن لەدەسەڵاتدا.
- هێنانەکایەی ژێرخانێکی ئابوری بەهێزکەبتوانێت لەئاست تەحەدییەکانی قۆناغی پاش جەنگگەکان جەنگ بکات

.....هەموومان بەئاگاین هاوکات لەگەڵ ساتەوەختی یەکەم پێخستنی ئەمریاکاوهاوپەیمانەکان لەسەرخاکی ئێراق لەگەڵ دابەزینی یەکەم سەربازی ئەمریکی لەسەرئەم خاکە،هاوشانی یەکەم موشەک بارانی هاوپەیمانەکان بۆسەرمۆلگەکانی چەواشەکاری ،بەنهێنی کاریان بۆهێنانەدی ئەم ئامانجانەدەکرد..لەم بارەیەشەوەهەولیانداوەلەڕێگەی پاڵپشتی لۆجیستی ڕێکخراوە ngo کانو ڕۆژنامەگەری ومیدیای نوسراو بینراو بیستراووبەمدوایانەش ئیلکترۆنی زۆرێکی ئەم بەرنامە وپلان وسترایژەئەمریکی یە بەناو خەڵکداپەخش بکەن لەڕێگەی کۆمەڵێک کەناڵوکەسایەتی پێشترکارکردو لەمەیدانوبواری جیاوازیشداکاربۆهاتنەکاییەی ئەم (ئامانجە نەگۆڕانە)بکەن ،بەڵام گرنگترینو ناودارترینیان ئەکرێت بەخاملترین و تەمەڵترینیان بناسین.هاوسات ئەوڕایەشمان پێ قبوڵ بێت کەئەم ئامانجە نەک تەنهابۆئەمریکییەکان بگرەبۆهیچ کامی گەلانی ئێراق نەهاتۆتەدی ....ڕاستی ئەوەی کەئەم ئامانجە گشتییە تائێستا نەهاتۆتەدی،لەوەداخۆی دەبینێت (نەبوونی هەواڵێکلەمەڕدەست لەکارکێشانەوەی حکومەتونەبوونی لێپرسینەوەیەکی جدی جەماوەرە لەدەسەڵات)،..من تێناگەم چۆن سەنگ وقورسای لێپرسینەوەوناڕەزاییەکانمان لەحوکمەت تەنهابەڕژانەسەرشەقامەکان ومانگرتن کۆتای پێدێنین لەوەش زیاترهیچی ترمان بەدەستەوەنەبێت،بیکەینەچەکوهێمای بەرنگار بوونەوە...پرسیارەکەلێرەدایە داخۆ لە هەبوونی ئەم هەمووپاڵپشتی یەمادیی ومەعنەویەی ئەمریاکابۆمەدەنیکردنی کۆمەڵگای ئێراقی بەگشتیوکوردی بەتایبەت بۆ هەتا ئەمرۆمان هەست بەگۆڕان ناکەینوپێمان وایە بارودۆخەکەڕووەوخراپ ملدەنێت نەک بۆباشوچاکبونەوە؟..بەتایبەت لەسەر ئاستی ناوچەهێمنەکەکە(کوردستان)ە.لێرەدادەبیت ڕاشکاوانەلەخۆمان بپرسین ئایا..هۆکەی بەتەنهاکەمتەرخەمی وخەمساردی (تاکی کوردی)یەلەئاست خراپەکاریوبەدکاریودیاردەی گەندەڵی بەرپرسان تەنها فاکتەرە لەنەهاتنەکاییەی ئەم ئامانجە..؟یاخودلەپشتی ئەم هەوڵانە ئاستەنگ وبەربەستی گەورەترهەیەکەئەمریکییەکان نەیانتوانیوە

بازبەسەربازگەکانیدابدەن..!بەڕای من گەورەترین ئاستەنگوبەربەست کەلەبەردەم ئەم پرۆسەیەدایەئەوەیە..جۆری ئەقڵەکان ،تێفکرینەکان،کلتورومێشک ژیرەکان،جۆرێکی خەوتوون.ئەم هەوڵانەی ئەمریاکاکەهەتائێستابەشکست کەوتۆتەوەنەک بەسەر کەوتن بەشێکی زۆری لەئۆباڵی تێفکرینو ڕاڤەکردنەلەهۆشمەندی تاکی کوردی..کە بەداخەو ئەسەفەوە ئێمەی مەعشەری ڕۆژنامە نووسان بەشێکێن لەوپرۆسەگشتییەی کەناوی لەخۆناوە(هۆشمەند وبلیمەتەکانی کورد،یاخودرۆشنفیکرانی گەلەکمان) هەمیشەش، کەدێتە سەر باسکردنێکی جدی خۆمانی لێ بەدورئەزانین .سەرە داوی ئەم لێکنەچونەی نێوان دوێنی کەوتنی بەرلینو دەرکەوتنی سپرینگیروئەمرۆی کەوتنی بەغداونەبوونی سوپەرستارودەزگایەکی ترلەبواری پەخشو وەشاندندا ...هەوڵەکانی ئەمریاکا بۆ دۆزینەوەی کەسی شیاو بۆشوێنی شیاوئەکرێت لەدۆزینەوەی جۆری ئەوکەسانەوەبێت کەئەمریکییەکان پشتایان پێدەبەستێت بۆهاتنە دی ئەم ئامانجە،کەئەمەش ڕەگەزێکی تری شکستی هەوڵی بەمەدەنیکردنەکەیە پاشانیش دۆزینەوەی سپرینگێریەکی ترياخودڕونترهەوڵدان بۆبەرهەمهێنانی کەسایەتیوقوتبێکی تری ڕاگەیاندن هاوشێوەی سپرینگیر لەکوردستاندا کارێکی فرەپڕئەزێتوقورسەڕەنگە بۆبەریتانییەکانی ئەوکاتوئێستاش کارێکی ئاسان بووبێت کەبەسەدانی وەک ئەوزاتە لەئەڵمانیای پاش رایخی سێهەم وهیتلەربەچنگ بکەوێت بەڵام بۆئەمریکییەکان ولەسەرخاکی کوردستانوئێراقی پاش سەددام حوسێن زەحمەتە دووان یان سیانیان دەستبکەوێت. دەشێت هۆکەی هی ئەوەبێت کاری ڕۆژنامەگەری هێشتا لەکوردستاندا لەبەر ناچاری خەڵک ڕووی تێدەکات نەک وەک پیشە ..بۆیە راستە گەر بڵێن هەتا ڕۆژنامەگەری نەبێتە پیشە ناکرێت چاوەڕێی گۆرانووەرچەرخانی گەورەی لێبکەیت ئەمەجگەلەوەی کە ئێمەمیلەتێکین،خەوتنی ئەقڵمان وای کردوە نەخوێندە واربین....سەرباری ئەم هەموو نوسینو هۆنینەوەهاوکات دروست نەبوونی ڕای گشتی لەناوکۆمەڵگای کوردەواری بەشێکی بەندە بەدەرچونی تیراژی ڕۆژنامەکان.پێم وایەلەوەبەئاگان کەکۆی گشتی ڕۆژنامەکانی کوردستان هێشتا ناکاتە5 % لەسەدی ژمارەی دانیشتوانەکەی کەدەبێت لانی کەم لەنیوەی ژمارەی دانیشتوان کەمترنەبێت تابتوانێت بۆشاییەکان پڕبکاتەوە ..لەم بارەیەوە غاندی دەڵیت (ئەوەی ڕۆژانەلانی کەم ڕۆژانمەیەک نەخوێنێتەوەکەسێکی هۆشمەندوڕوناکبیرنییە)کوردستان هەتا ئەمڕۆمان خاوەن ڕۆژنامەیەک نییەکەبەهۆی هەواڵو بابەتەکانی هێندەزۆرفرۆشبێت تیراژەکەی بگاتەنیوەی ژماری دانیشتوانەکەی جا ئەم دابڕانەی خوێنەرلەڕۆژنامەمن بەکارەسات دەشوبهێنم،من نازانم ئێمەچۆن لەڕووماندێت بڵێن ئێمە کۆمەڵگایەکین ڕۆژنامە دەخوێنینەوە..خۆئەگەرزاتی ئەم دەربڕینەمان هەبوووەمن لێرەبەدرۆخرامەوە ئەی چۆن کاربەووشەی ڕۆژانامەکان ناکەین لەباسی ووشەخوێندن دەبیت بگەڕێمەوەلای گوتەی(بێنکت . ئیریک هەیدن)کەدەڵێت{بەووشەمرۆڤ فێری تێگەیشتن دەبێت.. بەووشە مرۆڤ فێردەبێت رووناکبکاتەوە .. ووشەکان یارمەتیمان دەدەن پێکەوەژیان بکەین}ئەم گوتەیە هەتائەمرۆشمان بەشێوەیەکی سەقەت لە فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کاری پێکراوە،ئەمەئەگەرمەبەست لەدەرکردنی ڕۆژنامەبیرهۆشیاری بێت نەک شتی تر...لەڕاستیدا ووشەی ڕۆژنامە کانمان فێری تێگەیشتنیان نەکردووین،تابتوانێت بەو تێگەیشتنەڕێگاکان ڕوناکبکاتەوە. جاقەیرانی ڕۆژنامەگری کوردی لەوخاڵەوە سەردەردەهێنێت تادەگاتەوەلای ئەومانشێتەهەواڵەی کەدەبوایە دەمێکە بهاتایەتەدی .لەوزەمەنەی کەتیایدا حوکمەتەجیابوەکە بەبێ هیچ پرسێکی کورد،بێ هێچ ڕاپرسیەک بۆشێوازی یەکگرتنەکە زەواج پێکردووەزارەتەکانیاشیان لەسەریەکدی مارەکردبالەوەزیاتر لەباسەکەمان لانەدینوبگەڕێنەوە بۆلای ئەو هەواڵەی کەساڵگەلێکی زۆرەمن خەون بۆبەرجەستەبوونی دەبینم... بەناچاریش ئەمڕۆلەحزوری ئێوەداپۆزشم بۆهێنایەوە ..هیوابەو ڕۆژەوە دەبینم دیموکراتیەتو،هەنگاونان بەرەودیموکراتییەت هەردروشم نەبێت. لەهەقەتیشدائێمەوەک ئەوەی کەوڵاتێکی دیموکراتینوبەنمونەی دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناودەبرێن دەبێت چاوەڕێ ئەم هەڵوێستە مەردانە وچاپوکە لەحکومەتەکەشمان بکەین ..،دیاردەی دەست لەکارکێشانەوەی حوکمەت وسەرۆکی حوکمەت یاخودهەربەرپرسێکی میری لەوڵاتانی خۆرئاوابۆتەنەریتێکی باوتێکەڵ بەفەرهەنگی دیموکراتیەتی خۆرئاوابووەوناکرێت بەدەرلەم هەڵوێستانە حکومەتەکان یاخوددەسەڵاتەکانی خۆرئاوابەدیموکراتی ناوازە بکەین،لەم بارەیەشەوەئەتوانم بڵێم جارهەبوە دەست لەکار کێشانەکە لەبەرهۆی زۆربێبایەخوساویلکەدەبێت،وڕەنگە شایەنی باسکردنیش نەبێت کەچی لای ئێمەسەیرە نەحوکمەت، کە لەترۆپکی دەسەڵاتدایە وبەهەزار هۆو فاکتەر هەن کەدەبێت لەپێناویاندادەستلەکاربکشێتەوەڕیگەبۆهاتنی هیتربدات هێشتاکونێ هیچ بەرپرسێکی گەورەی ناوحکومەت،تاڕۆژی ئەمڕۆمان ئەم هەڵوێستەی بۆتاقەجارێکیش بێت نەنوادوە، من تێناگام ئێمەکەباس لەئازادی وکۆمەڵگای مەدەنی دەکەین،مەبەستمان لەکام مەدەنیەتە کەخۆمان ودەسەڵاتەکەشمان لێ بەدوربخەین، خۆئەگەر حوکمەتی هەرێم لەقۆناغیکدادەسکەوتیکی نیشتیمانی گەورەبوبێت،ئەوائەمڕۆئەودەسکەوتەنیشتیمانییە خەریکەلەڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی لادەداتودەبێتەتەوقێکی نیشتیمانی گەورەوبەملی میلەتی کوردپێچدەدات،...قسەزۆرە لەسەرئەوئالیەتانەی کە لە کوردستانی ئازاددا خراونەتەگەڕبۆفۆرمەلەپێکردنی پرۆسەبەناودیموکراسیەکە،ناڤدارترینی،کۆنی دوێنێوئیستای حازرئەوەیە کەشاندێکی ئەورۆپی، یان نێودەوڵەتی دێتەکوردستان لەهەواڵەکاندا ،باس لەوەدەکرێت کەوەفدی میوان دەستخۆشی لە هەوڵ وکۆششەکانی حکومەتی هەرێم کرد بۆئەوخزمەتگوزاریانەی کەپێشکەش بەخەڵکی کوردستانی ،بەتایبەت لەبواری

ئاوەدانکردنەوە وبەئاسمان چەقاندنی باڵەخانەوتەلارەبەرزەکانداکردوەوئەزموونی فەرمانرەوای کوردستانیشی لەسەرئاستی ناوچەکە بەنمونەی وەسفکرد،هەڵبەت من دوودڵم لەڕاستی ئەوهەوالانە،خۆئەگەرڕاست بن پێدەچێت زیاتر لەبەرموجامەلاتی سیاسی،یاخود بەڕووداماان دائەم مەدحو سەناو بەشان هاتنەخوارەوەهاتبێتەئاراوە،.پاشان ئەم بەشانوباڵ هاتنەبۆخۆی سەرەتای گەڕانەوەیەبۆسەردەمی بەرهەمهێنانی (درۆوچەواشەکاریوبەدناوی دیکتاتۆریەت)،خوێنەری بەڕیز لەدوا لێبوردنم بۆ نادروستی ئەوهەواڵەئەمەوێت پێتی ڕابگەێنم کەهیچ ئاژانسێکی هەواڵی ئازادودیموکراتوخاوەن پیشە.لەدونیادانابینیت هەوڵ ،یاخود کار بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵێک بدات...کەمەدح وسەنای دەسەڵاتی لێبکەوێتەوە،بەڵکو هەمیشە، لەبۆسەدایەبۆی تا لەڕێچکەی کاری خۆی لانەداتونەبێتە ئامرازێک بۆبەرهەم هێنانی چەواشەکاری...لێرەوەلەم گۆشەنیگایەوە خوازیارم ڕۆژنامەگەری کوردی هەوڵێکی جدی بدات بۆهێنانەکایەی هەواڵی ئیستیقالەی حوکمەت وکاریگەریەکەشی تەنها بەدەر خستنی ڕوکەشی قەیرانەکان نەبێتوبەس باڵکادەبێت هەولبدات .من لەم پۆزش هێنانەڕزگاربکات...ونەهێڵێت جارێکی تر ڕوو ڕەشی بەردەم ئێوەببمەوە.....

**دواسەرنج !**

* لەکاتی نوسینی ئەم بابەتەلەگەڵ کەسێکی خۆشەویست لەباسی ئەوزاع ئەوبەڕێزەلەگلەی ئەوەدابووکە خەڵکی کوردستانلەبەربێ کارەباو سوتەمەنی و..هتد یان نەبوونی ئەم خزمەتەسادانەخەڵکی بێزارە...پێم گوت باشەمن سبەی لەسەرئیستیقالەی حوکمەت شتێک دەنوسم ،بەپەلە ئەوبەڕێزە لەگلەییەکانی پاشگەزبووە وە گوتی نامن مەخسەدم نەبووتۆبهەژێنم باشتروایەلەسەردووسێ شت هەیە بێدنگ بیتوهیچیان لەبارەوە نەنوسیت..گوتم ئەم دووسێ شتە چین کەتۆناتەوێت من لەسەریان بنوسم؟..بەهێمنیەکەوە ،کەمێک وەستاو لەسەرخۆگوتی:،ئاین ودەسەڵات بەکەڵک نایەت.ئەم ڕۆژانە شتیان لەسەربنوسیت منیش پێم گوت:ئەی چ ئەهێنێت بەدەرلەمدووانەلەسەری بنووس، ،کەمێک تورە بووم ئەمجارەبەدەنگێکی بەرزتر پرسیارەکەم دووبارەکردەوە؟..لەسەرچی بنوسم؟ لەوێداقسەکانی پی بڕیموگوتی لەسەر مێژووبابەتی مێژووی بنوسە ..،گوتم جائەم کێشەیەی کەمن دەیخەمەڕوومێژووی نەهامەتیودەردەسەریوسیابەختی میلەتێکە ،ئاینودەسەڵاتیش هێماو ڕەگەزێکی سەرەکی دروستکردنی مێژوون..لەوێدا لەوخاڵەداگفتوگۆکانمان ڕاگرت بەڵام واهەست ئەکەم ئەولەترسی شتێکی تربێت بەمنی گوت ڕووبکرە مێژوو نوسین ووازلەنوسین لەسەردەسەڵات وئاین بهێنە..ڕەنگەئەوبەڕێزەبیەوێت بەمنی بڵێت ئەگەرلەسەردیوەخراپەکەی ئاین بنوسیت بەکافرولەسەردیوەباشەکەی بنوسیت بەتیرۆریزم،گەربێتولەسەردەسەڵات بنوسیت بەتێکدەروتابوری پێنج ناوت دەردەچێت ....من بەقسەم نەکردبەڵکوڕەقترلەپێشینەکانم قۆڵم لێهەڵماڵیوبابەتەکەم نووسی ڕاستیشتان پێ بڵێم هەڵوێستی دەسەڵات لەمەڕئەم جۆرە نوسیانانەو چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدادوودڵیەکەم ساغ دەکاتەوە.بەڵام لێرەداهەتاساغبوونی ئەوکێشەیەوبەلایەک کەوتنی دامن وئەو کەسە خۆشەویستە لەخاڵی نوسین لەسەردەسەڵات بڕیارماندائەبەدلەیەک جیابینەوە...ئەزانم ئیستا هەمووتان لەپرسی ئەوەدان ئەوبەڕێزەچ جۆرە بونەوەرێکە...بۆئەوەی لەوەزیاتربابەتەکەت لی ئاڵۆزنەکەم ،پێت دەڵیم ئەوکەسە کێیە..؟! ئەوکەسە ئەوبونەوەرە ...(حیزبە).

پەروایزوسەرچاوە:

* ئەکسل سپرینگیر لەدایکبووی ساڵی 1912 کۆچکردوی ساڵی 1985 .وەکوهێمایەک بۆدژایەتی کرنی دیواری بەرلین تەلارێکی بەرزی لەڕۆخی دیواری بەرلین دروستکردتالەڕێگەیەوەخەونی یەگترن بکاتەڕاستی ،سپرینگەرهەمووژیانی لەبەرلینی خۆرئاوابەسەربرد.لەلاپەرەکانی مێژوداخۆی وەک چەقێکی گەورەی دەزگای ڕاگەیاندنی ئەڵمانییا نوێ تۆمارکرد.

*.مەبست لەحیزبنامە.ڕۆژنامەحیزبییەکانن کەهەتائێستاش ڕۆڵێکی نێگەتیف لەمیدیای کوردیدادەگێرن

* بڕوانەمانشێتی هەواڵەکان ڕێکەوتن نامەی مێژووی هەردوومەکتەبی سیاسی(پدک)و(ینک) بۆیەککگرتنەوەی هەردووئیدارەی حوکمەت لە7ی جانیوەری 2006.بەم پێیەش دەردەکەوێت یەککگرتنەوەی دووئیدارەکەبەبڕیاری مەکتەبی سیاسی بوەنەک ویستی خەڵک .

* 26 ی مارسی 2006 مەسعودبارزانی هەریەک لەعومەرفەتاح ونێچیرڤان بارزانی ڕاسپاردکەلەماوەی یەک مانگداحکومەت تەشکیل بکەن.

* 7 ی ئایاری 2006 پەرلەمانی کوردستان متمانەی بەخشییەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ...

* ئەوبونەوەرەحیزبە ..کاتێک کەحیزب خۆی لەچەندکەسێکدادەبینێتەوەناچارتۆش بەناوی کەس مامەڵەی لەگەڵ بکەیت...لەبەرئەوەی حیزابەتی ئەمرۆمان خۆی لەشکۆدارکردنی چەندکەسێکدائەبینێت نەک شکۆدارکردنی بیری حیزبەکە

15 ی جانیوەری 2007